# ووشەکانی تارمایی

نووسینی سارا عومەر، دانیمارک
2006/2/ 26
Xozga86@hotmail.com

شەوانێکە بەر چاو لێکنانم تارماییەک میوانی خۆیم دەکات
بە وێنەی چاوە ئەسرینەکانی
خوونچەی گشت یادەکانم ئەوەرێنێت
زەڕنەقووتەی بێ دایکی هەستەکانم ئەفرێنێت
بە چرپە ترسناکە زیندووەکانیشی پێم دەڵێت..
ئاواتەکانی ئارامیت بەقووڵایی گۆمی بەرپێی قەرەجێک ئەسپێرم
کۆتری ئاشتیش لە ئاسمانی خەیاڵە دڵ پڕ لە گریانەکانت بێبەش دەکەم
لانەی سۆزەکانیشت بە ڕەگی داربییەک ئاشنا دەکەم
تا ... تا بیانخنکێنێت ... بیانخنکێنێت
دڵە بێنازەکەت دەردەهێنم و
لەپێش چاوە کوردەوارییە گەورەکانت
زیندە بە چاڵی دەکەم...
* * *    * * *   * *

تکام وایە ئەی کیژۆڵە
گەر دەتەوێت لەو خۆشەویستیەی خۆت بێ شکم کەیت
ئەوا....
ترسەکانت لە شەوقی چرایەکدا کۆبکەرەوە و
ئازایانە ...
بەرەنگاری شەووگارەکان بەرەوە
* * *   * * *   * *

من دەمزانی ...
تارمایی دەیەوێت ترسی شەوگار لەدڵم بچەسپێنێت
بەترسەوە دەمویست لەگەڵ تارماییەکە بێمە گفتووگۆوو پێی بڵێم...
شەوگارەکانی من...
شەوگارێکی دەم پڕ ووشەو ڕەش داگیرساون
پڕ بەو دڵە تەنیایەم ئومێد دەکەم لەگەڵیان بدوێم
ووشە ترشەکانی بکەمە مەرهەم و
زامەکانی ترسی پێ تیمار کەم
بپرسم لێی ...
تۆبڵێی... تۆی شەوگار تەنها هاوڕێی تاریکی بیت؟
تۆ بڵێی...
هێندە بێ دڵ بیت

ئەم کیژۆڵەیە لەم بیابانە وەحشەتەی شەوودا
ئاشنای خەونە بێ نیگارەکان بکەیت

پرسیار دوای پرسیار
هێندەی باڵای ووشەکانم
فرمێسکی بە خووڕی لە چاوە بەغیلەکانی تارمایی ئەتکاند

*** *** **

من دەمزانی...
هەموو وەڵامە بێدەنگەکانی شەوگار
هەنگاوێک زیاتر لە ڕاستی هەبوونی تارمایی نزیکم دەکاتەوە
دەمویست...
پاش لەدەرگایانی خەونەکانی تارماییەکە
لێی بپرسم...
تۆۆۆۆۆۆ....
گەر نێریت پێم بڵێ ... خۆ گەر ئاگریشیت
هەرگیز ناتوانیت بمسووتێنیت
خۆ گەر منت نەبم ئیتر هەڕەشەی خۆشەویستی لە کێ دەکەیت؟
دڵی کێ عاشق دەکەیت و
دوایش پێی دەڵێیت
کۆتری ئاشتی لە ئاسمانی خەیاڵەکانت بێ بەش دەکەم؟
دەپێم بڵێ ئەی ووشەکانی تارمایی...
بەکام زمان من بۆت بدووێم؟
من تێماوی شەرمی ووشە کووشتارە دوور لە خۆشەویستیەکانی تۆم و
بوونی خۆشم...
لە دەڤەری شەوگارەکانی تۆدا بەدی دەکەم
گشت شەوێکیش...
دەست نوێژی نوێژی شێوانم
بە ڕووبار و کانیاوە پڕ هەڕەشەکانی تۆ دەشۆم و
بە چرپەیەک...
لە چرپە تۆقیوەکانی پێش چاوو لێکنانیشم پێت دەڵێم...
دڵنیام منت خۆشەوێت و پێم ناڵێیت
دڵنیاشم بە وشەی کووشتن دەمت پڕاوە و
هەرچەند دەکەیت ...
لەشەرمی ووشە جوانەکاندا هانە دەبەیتە بەر ترساندنم
بۆیە شادت دەکەم گەر پێت بڵێم ....
خۆشم دەوێیت ... خۆشم دەوێیت
خۆشم دەوێیت